# دژە دیمەن

ئیسماعیل بەرزنجی

دەفتەرە شیعرێکم
لەسەر دوندی کێوی مەرگ
جێهێشتووە
ناوێرم بەدوایدا بچمەوە
❊ ❊ ❊
لە کۆماری گوڵدا
کچەکانم
کونسووڵی «مێخەک و شەوبۆ و بەیبوون و ئەشرەفی و
نێرگز»ن
❊ ❊ ❊
نازانم
کامیان ڕەشترە
شەوانی بێ کارەبا
یان دڵی داعش؟
❊ ❊ ❊
تیترواسک
هەمیشە هەواڵی
«ئاوزینگدانی مانگ»م
پێ ڕادەگەیەنێت
❊ ❊ ❊
پێدەچێت
«کامو» کوردی ناسیبێت
ئەفسانەی سیزیف
باشترین گەواهییە
❊ ❊ ❊
ویستم
باران بنووسمەوە
پەنجەم بوو بە هەڵم و
قەڵەمەکەش بووە خۆڵەمێش
❊ ❊ ❊
دەریا
بەدەمی مرۆڤ پیس بوو.. و
بە مل سەگیان داهێنا
❊ ❊ ❊
لە قوڕگی ماسییەکی مەڕمەڕەدا



ئەنگوستیلە زیوەکەی
«نالی»م دۆزییەوە
❊ ❊ ❊
ژیان
لافیتەیەکی سپییە
بە ڕەنگی ڕەش
لە سەری نووسراوە «مردن»
❊ ❊ ❊
دوای سوکرات
هەموومان ژەهرمان نۆشی
ئەو لە پێناوی ڕاستی و
ئێمەش
لە پێناوی ژن هێنان
❊ ❊ ❊
تۆ «خۆر»ی
منیش «شەو»
ئێمە دوو برادەری ئەبەدین
دوای مەرگیشمان
هەر بەدوای یەکەوەین
❊ ❊ ❊
ئەستێرەیەک داڕژا
لەناو ڕووبارێکدا خنکا
ماسییەکان
پرسەیان بۆ دانا
❊ ❊ ❊
تەپشوو
ئارمی «ڕاسکۆلینکۆف»ە و
قالۆچەش
هی «گریگۆری سامسا»
❊ ❊ ❊
بەنگلادیشییەک
زبڵ دەڕێژێت و
خانمەکەی ترەمپیش
ئەڵماس
❊ ❊ ❊
ئەم دنیایە (خەون)ە،
خەونێکی بەتاڵ
بەتاڵتر لە گیرفانی «بورهان جاهید»
❊ ❊ ❊
لەگەڵ
هەر برۆ هەڵتەکاندنێکی مانگدا
هەزاران ئەستێرە سەما دەکەن
❊ ❊ ❊
ڕووبار
ئەوەندە لێوی کەناری ماچکرد
لیم و چەو
لە حەژمەتا بریقانەوە
❊ ❊ ❊
کچێک
لە بن کەپرەکە ڕاکشا
پنجە گیا
دەستیان بە شایی کرد